# وانەی ٦٦ : مامۆستای مەزن

مەتا ٥ – ٧

لە وانەی ڕابردوو بینیمان کە عیسای مەسیح سەردانی شارۆچکەکانی فەلەستینی دەکرد، خەڵکانی فێردەکرد و نەخۆشی چاك دەکردەوە و ڕۆحی پیسی لە خەڵکی دەردەکرد. خەڵك سەریان سوڕمابوو و دەیان پرسی، ئەمە چییە؟ فێرکردنێکی نوێیە بە دەسەڵاتەوە! فەرمان بە ڕۆحی‌پیسیش دەکات و گوێڕایەڵی دەبن. (مەرقۆس ١: ٢٧)

ئێستاش پلانمان وایە بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل و گوێ لەو ووشە جوانانەی لە دەمی پەروەردگار عیسا هاتە دەرەوە بگرین کە ڕۆژێك لە قەراخ چیایەك بوو لەگەڵ قوتابییەکانی و خەڵکانێکی زۆر و هەرکەسێك دەیەوێ، دەتوانێ هەموو پەیامەکە لە ئینجیلی مەتا بەشی پێنج تا بەشی حەفت بخوێننەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(مەتا ٥) ١ کاتێ عیسا خەڵکەکەی بینی، چووە سەر چیا، ئینجا دانیشت و قوتابییەکانی هاتنە لای، ٢ زاری کردەوە، فێری کردن:
٣ (خۆزگە دەخوازرێ بە ڕۆح هەژاران، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە.
٤ خۆزگە دەخوازرێ بە ماتەمداران، چونکە دڵنەوایی دەکرێن.
٥ خۆزگە دەخوازرێ بە دڵنەرمەکان، چونکە دەبن بە میراتگری زەوی.
٦ خۆزگە دەخوازرێ بە برسی و تینووەکان بۆ ڕاستودروستی، چونکە تێر دەکرێن.
٧ خۆزگە دەخوازرێ بە بەزەییداران، چونکە بەر بەزەیی دەکەون.
٨ خۆزگە دەخوازرێ بە دڵپاکەکان، چونکە خودا دەبینن.
٩ خۆزگە دەخوازرێ بە ئاشتیسازان، چونکە بە ڕۆڵەی خودا ناودەبرێن.
١٠ خۆزگە دەخوازرێ بە چەوسێنراوان لە پێناوی ڕاستودروستی، چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە.
١١ خۆزگە دەخوازرێ بە ئێوە کاتێ خەڵکی ئابڕووتان دەبەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبەر من هەموو بوختانێکتان پێ دەکەن. ١٢ دڵخۆش
و دڵشاد بن، چونکە پاداشتتان گەورەیە لە ئاسمان. لەبەر ئەوەی پێش ئێوە ئاواش پێغەمبەرانیان چەوساندۆتەوە.
١٧ وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان پێغەمبەران پووچەڵ بکەمەوە، نەهاتووم بۆ پووچەڵکردنەوە، بەڵکو بۆ تەواوکردن.
١٨ ڕاستیتان پێ دەڵێم: تا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، پیتێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێت، تاکو هەمووی دێتە دی. ١٩ بۆیە
ئەوەی بچووکترینی ئەم ڕاسپاردانە بشکێنێت و خەڵکیش ئاوا فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە بچووکترین ناودەبردرێت. بەڵام
ئەوەی پەیڕەوی بکات و خەڵکی فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە پایە بەرز ناودەبردرێت. ٢٠ ئیتر پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان
لە مالم و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمان.

٢١ بیستووتانە بە پێشینان وتراوە: {مەکوژە} ، (ئەوەی بکوژێت شایانی حوکم بەسەردان دەبێت.) ٢٢ بەڵام من پێتان دەڵێم ئەوەی لە
خوشکی یان براکەی تووڕە بێ، دەبێ حوکم بدرێت. ئەوەی بە براکەی دەڵێ (هیچوپووچ"، دەبێ بدرێتە سەنهەدرین، ئەوەش دەڵێت
(گێلە"، دەبێت بخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە. ٢٧ بیستووتانە وتراوە: {داوێنپیسی مەکە}. ٢٨ بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە
هەوەسبازییەوە سەیری ئافرەتێک بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە. ٣٣ دیسان بیستووتانە کە بە پێشینان وتراوە:
{سوێندەکانت مەشکێنە، بەڵکو سوێندەکانت بۆ خوداوەند بەرەسەر}. ٣٤ بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان،
چونکە تەختی خودایە، ٣٥ نە بە زەوی، چونکە تەختەپێیەتی... ٣٧ با قسەتان: (بەڵێ" بۆ (بەڵێ) و (نەخێر) بۆ (نەخێر) بێت، لەمە
بترازێت لە خراپەکارەکەوەیە.

٣٨ بیستووتانە وتراوە: {چاو بە چاو، ددان بە ددان}. ٣٩ بەڵام من پێتان دەڵێم: بەربەرەکانێی خراپەکار مەکەن، بەڵکو ئەوەی لە

ڕوومەتی ڕاستی دایت، لایەکەی دیکەشی بۆ شل بکە، ٤٠ ئەوەی ویستی بتداتە دادگا و کراسەکەت لێ بستێنێت، چاکەتەکەشتی
بدەرێ. ٤١ ئەوەی یەک میل بێگاری پێ کردیت، دووانی لەگەڵ بڕۆ. ٤٣ بیستووتانە وتراوە: {نزیکەکەت خۆشبووێ،} (ڕقت لە
دوژمنت بێتەوە.) ٤٤ بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبووێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، ٤٥ تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو
باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاک و خراپدا هەڵدێنێ و باران بەسەر پیاوچاک و زۆرداریشدا دەبارێنێت.
٤٦ چونکە ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشبووێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێکتان هەیە؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟ ٤٧ ئەگەر
سڵاوتان تەنها لە خوشک و برایانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟ ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن؟ ٤٨ بۆیە ئێوە تەواو بن، وەک باوکی
ئاسمانیتان تەواوە.

(مەتا ٦) ١ هۆشیار بن لەوەی لەبەرچاوی خەڵک کاری ڕاستودروستیتان بکەن، تاکو بتانبینن. ئەگینا پاداشتتان نییە لەلای باوکتان لە
ئاسمان.

٢ بۆیە کاتێ خێرێک دەکەیت، لەپێش خۆت زوڕنا لێمەدە وەک دووڕووان کە لە کەنیشت و سەر شەقامەکان دەیکەن، تاکو لەلایەن
خەڵک ستایش بکرێن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. ٣ بەڵام تۆ کە خێرێک دەکەیت، مەهێڵە دەستی چەپت
بزانێت دەستی ڕاستت چی دەکات، ٤ تاکو خێرەکەت بە نهێنی بێت. باوکیشت کە لە نهێنیدا دەبینێت، پاداشتت دەداتەوە.

٥ کاتێ نوێژ دەکەن وەک دووڕووان مەبن، ئەوان حەزدەکەن بە پێوە لە کەنیشت و سووچی شەقامەکان نوێژ بکەن، تاکو بۆ خەڵک
دیار بن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. ٦ بەڵام تۆ کاتێ نوێژ دەکەیت، بڕۆ ژوورەکەت و دەرگا لەسەر خۆت
دابخە، نوێژ بکە بۆ باوکت کە لە نهێنی دایە. باوکیشت کە لە نهێنیدا دەبینێت، پاداشتت دەداتەوە. ٧ کاتێ نوێژ دەکەن، وەک
بتپەرستان چەنەبازی مەکەن، چونکە وادەزانن بە زۆر وتنیان گوێیان لێ دەگیرێت. ٨ بۆیە وەک ئەوان مەبن، چونکە باوکتان دەزانێت
پێویستیتان بە چییە، پێش ئەوەی داوای لێ بکەن.

٩ بەڵام ئێوە ئاوا نوێژ بکەن:

(ئەی باوکمان لە ئاسمان، با ناوت پیرۆز بێت، ١٠ با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەک لە ئاسمان.
١١ نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ. ١٢ لە گوناهەکانمان خۆش بە، وەک ئێمەش لە قەرزارەکانمان خۆش دەبین. ١٣ مەمانخەرە
تاقیکردنەوە، بەڵکو ڕزگارمان بکە لە شەیتان.)

١٦ کاتێ بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەک دووڕووان، چونکە ڕوویان دەگۆڕن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون. ڕاستیتان پێ
دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. ١٧ بەڵام تۆ کە بەڕۆژوو دەبیت، سەرت چەور بکە و دەموچاوت بشۆ، ١٨ تاکو بۆ خەڵک
دەرنەکەوێت کە بەڕۆژوویت، بەڵکو بۆ باوکی نهێنیت، باوکیشت کە بە نهێنی دەبینێت، پاداشتت دەداتەوە.

١٩ لەسەر زەوی گەنجینە بۆ خۆتان کۆمەکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی دەدەن، دز دەیبڕێت و دەیدزێت. ٢٠ بەڵکو گەنجینە بۆ
خۆتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی نادەن، دزیش نایبڕێت و نایدزێت. ٢١ چونکە گەنجینەت لەکوێ بێت،
دڵیشت لەوێ دەبێت.

٢٢ چاو چرای لەشە، ئەگەر چاوت ساغ بێت، ئەوا لەشت هەمووی ڕووناکییە، ٢٣ بەڵام ئەگەر چاوت خراپ بێت، ئەوا هەموو لەشت
تاریک دەبێت، بۆیە ئەگەر ئەو ڕووناکییەی لە تۆ دایە تاریکی بێت، ئاخۆ دەبێ تاریکی چۆن بێت! ٢٤ کەس ناتوانێت کۆیلایەتی دوو
گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە
پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن.

٢٥ بۆیە پێتان دەڵێم: بۆ ژیانی خۆتان نیگەران مەبن کە چی دەخۆن و چی دەخۆنەوە، یان بۆ لەشتان چی دەپۆشن. ئایا ژیان لە
خواردن گرنگتر نییە؟ یان لەش لە پۆشاک؟ ٢٦ سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن، نە تۆو دەکەن و نە دروێنە و نە لە ئەمبار کۆدەکەنەوە،
لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئاسمانیتان بەخێوی دەکات. ئایا ئێوە لەوان بەنرختر نین؟ ٢٧ کێ لە ئێوە ئەگەر نیگەران بوو، دەتوانێت یەک
کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟

٢٨ هەروەها بۆچی خەمی پۆشاکتانە؟ سەیری گوڵاڵەی کێڵگە بکەن چۆن گەشە دەکات، نە خۆی ماندوو دەکات و نە دەڕێسێت،
٢٩ بەڵام پێتان دەڵێم: تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە. ٣٠ ئەگەر خودا گیای کێڵگە ئاوا
بپۆشێت کە ئەمڕۆ هەیە و بەیانی فڕێدەدرێتە تەنوورەوە، ئایا ئێوە زیاتر نین تا پۆشتەتان بکات، ئەی کەمباوەڕینە؟ ٣١ جا خەم مەخۆن
بڵێن (چی بخۆین؟) یان (چی بخۆینەوە؟) یان (چی بپۆشین؟) ٣٢ چونکە هەموو ئەمانە نەتەوەکان هەوڵی بۆ دەدەن، باوکی
ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە. ٣٣ بەڵکو یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن،
هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت.

(مەتا ٧) ١ حوکم مەدەن تاکو حوکم نەدرێن. ٢ چونکە بەو حوکمەی دەیدەن حوکم دەدرێنەوە، بەو پێوانەیەی دەیپێون، بۆتان
دەپێورێتەوە. ٣ بۆچی پووشی ناو چاوی براکەت دەبینیت، بەڵام تێبینی کاریتەکەی ناو چاوی خۆت ناکەیت؟ ٤ یان، چۆن بە براکەت
دەڵێی: (ڕێم بدە با پووشەکەی ناو چاوت دەربهێنم،) کەچی کاریتە لەناو چاوی خۆت دایە؟ ٥ ئەی دووڕوو، یەکەم جار کاریتەکەی ناو
چاوی خۆت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشی ناو چاوی براکەت. ١٢ کەواتە لە هەر شتێکدا ئاوا بۆ خەڵک بکەن
کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت، چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران.

٧ داوا بکەن، پێتان دەدرێت. بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لە دەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە. ٨ چونکە هەر کەسێک داوا بکات، وەردەگرێت.
ئەوەی بگەڕێت، دەدۆزێتەوە. ئەوەش لە دەرگا دەدات، لێی دەکرێتەوە.

١٣ لە دەرگای تەسک بڕۆنە ژوورەوە، چونکە دەرگایەکی بەرین و ڕێگایەکی پانە ئەوەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات، زۆرن ئەوانەی
پێیدا دەچنە ژوورەوە. ١٤ بەڵام تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.

١٥ ئاگاداری پێغەمبەرانی درۆزن بن کە لە پێستی مەڕدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لەناوەوە گورگی دڕندەن. ١٦ بە بەرهەمیان دەیانناسن. ئایا
ترێ لە دڕک دەڕنن یان هەنجیر لە چقڵ؟ ١٧ بەم شێوەیە هەر دارێکی باش بەرهەمی باش دەدات، داری خراپیش بەرهەمی خراپ.
١٨ داری چاک ناتوانێت بەرهەمی خراپ بدات و داری خراپیش ناتوانێت بەرهەمی باش بدات. ١٩ هەر دارێک بەرهەمی باش نەدات
دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگر. ٢٠ کەواتە بە بەرهەمیان دەیانناسن.

٢١ نەک هەر کەسێک پێم بڵێت: (خوداوەند، خوداوەند!) دەچێتە ناو شانشینی ئاسمان، بەڵکو ئەوەی بە خواستی باوکم دەکات کە لە
ئاسمانە. ٢٢ لەو ڕۆژەدا، زۆر کەس پێم دەڵێن: (خوداوەند، خوداوەند، ئایا بە ناوی تۆوە پێشبینیمان نەکرد، بە ناوی تۆوە ڕۆحی‌پیسمان
دەرنەکرد، بە ناوی تۆوە پەرجوی زۆرمان نەکرد؟) ٢٣ ئینجا منیش پێیان ڕادەگەیەنم: (قەت ئێوەم نەناسیوە. لێم دوور بکەونەوە، ئەی
سەرپێچیکاران!)

٢٤ بۆیە هەر کەسێک گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی بکات، وەک پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد بنیادنابێت. ٢٥ باران
باری و لافاو هەڵستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا، بەڵام نەڕووخا، چونکە لەسەر بەرد بنیاد نرابوو. ٢٦ هەر کەسێکیش گوێی
لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی نەکات، وەک پیاوێکی گێل وایە خانووەکەی لەسەر لم بنیادنابێت. ٢٧ باران باری و لافاو هەڵستا و ڕەشەبا
هەڵیکرد و لەو خانووەی دا و ڕووخا، ڕووخانەکەشی گەورە بوو.)

٢٨ کاتێ عیسا ئەم وتانەی تەواو کرد، خەڵکەکە لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، ٢٩ چونکە وەک دەسەڵاتدارێک فێری دەکردن، نەک

وەکو مالمەکانیان.

با خوداش توانای تێگەیشتن بداتێ لەوەی کە ئەمڕۆ خوێندمانەوە. لەگەڵ ئەم ووشە جوانە بەجێت دێڵین کە پەروەردگار عیسا فەرمووی لەسەر چیاکە: (یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت.) (مەتا ٦: ٣٣)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. لە وانەی ڕابردوو بینیمان کە عیسای مەسیح سەردانی شارۆچکەکانی فەلەستینی دەکرد، خەڵکانی فێردەکرد و نەخۆشی چاك دەکردەوە و ڕۆحی پیسی لە خەڵکی دەردەکرد. خەڵك سەریان سوڕمابوو و دەیان پرسی، ئەمە چییە؟ ئەی تۆ ڕات چییە؟ عیسا مسیح کێیە؟

٢. ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشبووێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێکتان هەیە؟

٣. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان لەش لە پۆشاک؟

٤. کێ لە ئێوە ئەگەر نیگەران بوو، دەتوانێت یەک کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟

٥. بۆچی پووشی ناو چاوی براکەت دەبینیت، بەڵام تێبینی کاریتەکەی ناو چاوی خۆت ناکەیت؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013

Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org